www.kurdistannet.org
22/05/2002 00:57

**بۆ مەکتەبی سیاسی حیزبی سەوزی سوید**

**بەڕیزان ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندوەی و کادرو ئەندام و هەلسورانی حیزب**

**سلاوتان لیٚ بیٚت !**

**ریبوار عارف**

**بەڕیزان لە ڕیٚگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە هەوالّی بەرگوزارکردنی کۆنگری ٢١ی حیزبی سەوزمان بیست کە لە ناوەراستی مانگی ئاياردا بەرپا کرا. لەم بارەوە سەرباری پیرۆزبای کردن لە بەسەر ئەنجام گەیاندنی سەرکەوتووانەی کۆنگرەکەتان، دەست خۆشانەتان لی دەکەین بۆ ئاوڕدانەوەتان لە یەکیٚك لە کیٚشە سەرەکیيەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کە کيٚشەی ستەمی میللی یە لەسەر خەلکی ستەم دیدەی کورد.**

**بیٚگومان ئەوەندەی کە ئیٚمە ئاگادارین، ئیٚوە لەکونگرەکەتاندا یەکیٚك لەوبڕیارە سیاسی یانەی کەدواتانە، خستنە ڕووی ڕیٚگە چارەیەکی واقعیيانەیە بۆ چارەسەرکردنی کیٚشەی میللی خەلکی کورد، کەئەویش خۆی لەبەرەسمیيەت ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووسدا دەبینیٚتەوە لەڕیٚگەی بەرپاکردنی ریفراندومیٚکی ئازادەوە. وە بۆ ئەم مەبەستەش بڕیارتان داوە کە هەولّ بدەن لەڕیٚگەی یەك دەست کردنی ئەحزابی سەوز لەئاستی وولاتانی ئەورووپاوە هەنگاوهەلگرن بۆنیونەتەوەیکردنەوە وعەمەلی کردنەوەی بەرپا کردنی ریفراندومیٚك لەکوردستانی عیراقدا، بەسەرپەرشتی نەتەوەیەکگرتووەکان.**

**ئەم دەست پیشخەرییە، هەنگاویٚکی پیٚشرەوانەی ئیٚوەیە نەك هەر لەنیو حیزبەکانی سوید بەلکو ئاست هەموو حیزبەکانی وولاتانی ئەورووپادا لەم بارەوە وەك ڕەچە شکیٚن دەرکەوتن. کە ئەمەش بەلّگەی بەتەنگەوە بوون و واقعی بوونتانە لەپەیوەند بەچۆنییەتی چارەسەرکردنی کیٚشەی میللی خەلکی کورد.**

**جیٚگەی خۆیەتی لیٚرەدا ئەوەش بلّین کەبەڕسمیيەت ناسینی ئەم مافە، نیشانەی بەردەوام بوونی تائەمرۆی یەکیٚك لەکیٚشە چارەسەر نەکراوەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەراستە کەدەیان سالّە لەبەر نەبوونی ئەو مافە سەدان هەزار ئینسان قتل وعام کراوەو سەدان هەزاری تریش بیٚ سەرشوین کراوە کە تەنها لەعەمەلیاتی ئەنفال لەسالاتی ١٩٨٧ بۆ ١٩٨٨ زیاتر لە ٢٠٠ هەزار ژن و مندال و پیر و لاوی بیٚ سەروشوین کرا. ڕۆشنە هەر ئەم بارودوخەو نەبوونی ماف و ئازادییە فەردی ومەدەنییەکان و ئیرهاب و تیرۆر و لەشکرکیشی وولاتانی ناوچەکە بۆ کوردستانی عیراق بووەتە هۆی ئاوارە بوونی دەیان هەزار ئینسان لەم چەند سالەی ڕابردودا.**

**کەمتر ڕۆژیك هەیە هەوالی غەرق بوونی کەشتی و لە نیوچوونی پەنابەرانمان بەرگوێ نەکەویت ، کە بەشیکی زۆر لەو ئینسانانە پەنابەرانیکن کە لە کوردستانی عیراقەوە ڕوويان کردەوەتە هەندەران. بۆيە ئیمە پیمان وایە کە تا چارەسەر نەکردنی یەکجاری ئەم کیٚشانەیەوکۆتای نەهیٚنان بەکیشەی میللی خەلکی کوردو هەلواسراوی بارودخی کوردستان، دیاریدەی پەنابەری بەردەوام دەبیٚت.**

**ئەمە لە کاتیکدایە کە لەچەند سالی ڕابردودا وولاتانی ئەوروپا یەك سیاسەتی هاوبەشیان هەبووە لەپەیوەند بەقبول نەکردنی پەنابەرانی کوردو بریاری دیپورت کردنەوەیان ، کەیەکیك لەو وولاتانە سویدە کە لەم دوایانەدا وەزارەتی هیجرە رایگەیان کە ٤ هەزار پەنابەری کورد دەگەڕیٚنیٚتەوە بۆ کوردستانی عیراق.**

**بۆيە چاوەڕوان دەکریت لەحیزبی سەوز، وەك چۆن دەستپیٚشخەریەکی پیشروانەی ئەنجامدا لەبەرامبەر بە چارەسەرکردنی کیشەی میللیخەلکیکورد، بەهەمان شیٚوە بەخەم بوونی خۆی لەبەرامەبەر بەژیان وچارەنووسی ئەو کەسانە نیشان بدات کەبوونتە قوربانی نائەمنی بارودوخی سیاسی وکومەلایەتی وئابوری وهقوقی کوردستانی عیراق و لەڕیگەی حیزبە سەوزەکانی وولاتانی ئەورووپاو پەرلەمانی یەکیتی ئەورووپاوە هەول بدەن بۆ**

**لفوكردنەوەی هەرجۆرە بڕیارێكی دیپۆرت كردنەوەی پەنابەران وبەڕسمی یەت ناسینی مافی پەنابەری یان ، لە لایەن وولاتانی ئەوروپاوە.**

**لەم باروە ئیمە وەك فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی سەربازی ریزوستایش بۆ هەلویست وبەتەنگەوە بوونتان لەپەیوەند بەچارەسەركردنی كیشەی خەلكی كورد، هاوكات ئەم پیشنیارە دەخەینە بەردەم بەرێزتان بۆ لیكولینەوە پشگیری كردن، دیارە لەم بارەشەوە لە هەنگاوی یەكەمدا چاوەڕوان دەكرێت كە وەلامێكی فەوری بەبڕیاری وەزارەتی هیجرەی سوید بدەنەوەو نەك هەر خوازیاری لەغوكردنەوەی بڕیاری گەرانەوەی ئەو٤ هەزار پەنابەربن بەلكو خوازیاری بەرسمی‌یەت ناسینی دەست بەجێی مافی پەنابەری بن بۆیان.**

**هاوپشتی و بەتەنگەوە بوونتان نیشانەی بەهیزبوونی گیانی نیونەتەوەی تانە.**

**سكرتیری فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

**٢١ / ٥ / ٢٠٠٢**

www.kurdistannet.org